بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

حم (1)

پێشتر لێی دواوین.

تَنزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ (2)

هاتنەخوارەوەی قورئان لەلایەن خوای باڵادەست و داناوەیە.

إِنَّ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَآيَاتٍ لِّلْمُؤْمِنِينَ (3)

بەڕاستی لەئاسمانەکان و زەویدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەن (دەربارەی گەورەی و دەسەڵاتی پەروەردگار) بۆ ئیمانداران.

وَفِي خَلْقِكُمْ وَمَا يَبُثُّ مِن دَابَّةٍ آيَاتٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ (4)

هەروەها لەدروست کردنی ئێوەشدا (لەشێوازو ئەندامەکانی لەشتاندا، لەقۆناغەکانی گەورەبوونتاندا، لەجیاوازی نێرو مێتاندا..هتد) هەروەها لەو هەموو زیندەوەرە(جۆراوجۆرانەی کەلەسەر زەوی و ژێر زەوی و ناو ئاوو سەر ئاودا) هەن و بڵاوی کردۆتەوە، (لەچوارپێ و باڵندەکان، لەخشۆك و شەش پێکان، لەگیاندارانی هەمەجۆر لەقەبارەو ڕەنگ و شێوازدا، لەدەوریان لەخزمەت کردنی ئادەمیزادا، هەموو ئەوانە) بەڵگەو نیشانەی هەمەجۆرن بۆ کەسانی دڵنیاو بڕوادار.

وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِن رِّزْقٍ فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ آيَاتٌ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ (5)

هەروەها لەجیاوازی شەوو ڕۆژدا، لەو ڕزق و ڕۆزییەی کەلەئاسمانەوەدەیبارێنێت (وەك باران و تیشکی خۆرو گازەکان و...هتد کەسەرچاوەی گەشەکردن و پێگەیشتنی جیهانی ڕووەك و هەموو

زیندەوەرانە)، وەبەو هۆیەوەزەوی زیندوودەکاتەوەدوای مردنی، هەروەها لەهاتووچۆو گۆڕان و جوولّەی هەوادا، لەهەر هەموو ئەوانەدا بەڵگەو نیشانەی جۆراوجۆر هەن بۆ کەسانێك کەعەقڵ و بیروهۆشیان بخەنەکار.

تِلْكَ آيَاتُ اللَّهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِالْحَقِّ فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَ اللَّهِ وَآيَاتِهِ يُؤْمِنُونَ (6)

ئا ئەوانەبەڵگەو نیشانەی دەسەڵاتەکانی خوان، کەدەیخوێنینەوەبەسەر تۆدا (ئەی محمد صلی اللهعلیەوسلم) کەسەرتاپای حەق و ڕاستەقینەیە، ئاخۆ دوای ئەو هەموو نیشانانەبەچ گوفتارێکی تر دوای وتارو گوفتاری خوا، وەبەچ بەڵگەو نیشانەیەك، دوای بەڵگەو نیشانەکانی ئەو زاتەباوەڕ دەکەن و ئیمان دەهێنن و وەریدەگرن.

وَيْلٌ لِّكُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ (7)

هاوارو قوربەسەری و ڕەنجەڕۆیی بۆ هەموو ئەوانەی کەبوختانچی و تاوانبارن.

يَسْمَعُ آيَاتِ اللَّهِ تُتْلَى عَلَيْهِ ثُمَّ يُصِرُّ مُسْتَكْبِرًا كَأَن لَّمْ يَسْمَعْهَا فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ (8)

(هەیانە) گوێ دەگرێ بۆ ئایەتەکانی قورئانەکەی خوا کاتێك بەسەریدا دەخوێنرێتەوە، لەوەودوا سوور دەبێت لەسەر بێدینی و خۆی بەزل دەزانێت، هەروەك نەیبیستبێت، جا مژدەی سزاو ئازارێکی پڕ ئێش بدەبەو جۆرەکەسانە!!

وَإِذَا عَلِمَ مِنْ آيَاتِنَا شَيْئًا اتَّخَذَهَا هُزُوًا أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ (9)

خۆ ئەگەر شتێك لەئایەتەکانی قورئان بزانێت دەیکاتەهۆی گاڵتەو گەمەجاڕ، ئا ئەوانەسزای خەجاڵەت ئاوەرو شەرمەزاری چاوەڕێیانە(هەر لەم دنیادا).

مِن وَرَائِهِمْ جَهَنَّمُ وَلَا يُغْنِي عَنْهُم مَّا كَسَبُوا شَيْئًا وَلَا مَا اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ أَوْلِيَاء وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ (10)

(لەقیامەتیش دا) دۆزەخ بەدوایانەوەیەو لێی قوتار نابن، هەرچیەکیشیان هەیە(لەماڵ و منداڵ و هێزو دەسەڵات) فریایان ناکەوێت، هەروەها هەموو ئەو کەس و شتانەی لەجیاتی خوا کردبویانن بەپاڵپشتی خۆیان، (بەڵکو) سزایەکی زۆر گەورەو سامناك و بەئازار بۆیان ئامادەیە.

هَذَا هُدًى وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ لَهُمْ عَذَابٌ مَّن رِّجْزٍ أَلِيمٌ (11)

ئەم ئایەتانەی لەم سورەتەدا باس کراوە، (هەروەها ئایەتەکانی قورئان بەگشتی) ڕێنموونی بەخشە، بەرچاو ڕووناك کەرەوەیە، ڕێنیشاندەرە، جا ئەوانەی کەباوەڕیان نیەبە ئایەتەکانی پەروەردگاریان سزای زۆر سەخت و بەئێش چاوەڕێیانە.

اللَّهُ الَّذِي سخَّرَ لَكُمُ الْبَحْرَ لِتَجْرِيَ الْفُلْكُ فِيهِ بِأَمْرِهِ وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (12)

خوا ئەو زاتەیەکەدەریای بۆ ڕامکردوون تا کەشتی بەفەرمانی ئەو هات و چۆی پیادا بکات، تا بچن بەدەم بەخشش و بەهرەکانیەوەو سوودیان لێوەرگرن (لەبازرگانی و ڕاوەماسی و دەرهێنانی گەوهەرو مرواری لەبنی دەریاکاندا).

وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لَّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (13)

هەرچی لەئاسمانەکان و زەویدا هەیەبۆ ئێوەی ڕامهێناوە، بۆ خزمەت گوزاری ئێوەفەراهەمی هێناوە، هەموویشی تێکڕا بەخششن لەلایەن ئەو زاتەوە، بەڕاستی ئا لەو بەخشش و دیاردانەدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێك کەبیربکەنەوەو تێفکرن.

قُل لِّلَّذِينَ آمَنُوا يَغْفِرُوا لِلَّذِينَ لا يَرْجُون أَيَّامَ اللَّهِ لِيَجْزِيَ قَوْمًا بِما كَانُوا يَكْسِبُونَ (14)

(ئەی پێغەمبەر صلی اللهعلَیەوسلم بەئیمانداران بڵێ): چاوپۆشی بکەن لەوانەی بەتەما نین و حەز ناکەن لەڕۆژێك کەتایبەتی خوایە(بۆ لێپرسینەوە)، تا پاداشتی قەومی (نالەبار) بداتەوەبەگوێرەی ئەو کارو کردەوانەی کەئەنجامیان داوە...

مَنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ أَسَاء فَعَلَيْهَا ثُمَّ إِلَى رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ (15)

ئەوەش کەکارو کردەوەی چاکەئەنجام بدات ئەوەسوودو قازانجەکەی بۆ خۆیەتی، هەروەها ئەوەش کەکاروکردەوەی خراپ بکات لەسەری دەکەوێت، لەوەودواش بۆ لای پەروەردگارتان دێنەوە.

وَلَقَدْ آتَيْنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ (16)

بێگومان ئێمەتەوراتمان بەخشی بەنەوەی ئیسرائیل هاوڕێ لەگەڵ دەسەڵاتداری بۆ چارەسەر کردنی کێشەی خەلکی، لەگەڵ پێغەمبەرایەتیشدا، لەڕزق و ڕۆزی چاك و پاکیش بەهرەوەرمان کردوون وەڕێزیشمان داون بەسەر هەموو خەڵکی (سەردەمی خۆیاندا).

وَآتَيْنَاهُم بَيِّنَاتٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَمَا اخْتَلَفُوا إِلَّا مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمْ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ (17)

هەروەها ئێمەچارەسەری هەموو کارێکی گرنگمان بۆ ڕوونکردنەوەو پێمان بەخشین (دەربارەی عەقیدەو شەریعەت و حەڵاڵ و حەرام)، جا ناکۆکی و دووبەرەکیان لەنێواندا بەرپا نەبوو مەگەر دوای ئەوەی کەهەموو شت ڕوون بۆوەو زانستییان دەربارەی زانی، ئەوەش بەهۆی ستەم و ناکۆکی نێوان خۆیانەوە، بەڕاستی پەروەردگاری تۆ (ئەی محمد صلی اللهعلیەوسلم) لەڕۆژی قیامەتدا دادوەری دەکات لەنێوانیاندا دەربارەی ئەو شتانەی کەناکۆکییان هەیەلەسەری و ڕای جیاجیایان هەیەدەربارەی.

ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاء الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ (18)

لەوەودوا ئێمەتۆمان (ئەی محمد صلی اللهعلیەوسلم) خستۆتەسەر بەرنامەیەکی ڕاست و ڕەوان (کەبەرنامەی هەموو پێغەمبەرانە) شوێنی بکەوەو لێی لامەدە، نەکەیت شوێنی هەواو ئارەزووی نەفامان و نازانان بکەویت.

إِنَّهُمْ لَن يُغْنُوا عَنكَ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا وإِنَّ الظَّالِمِينَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَاللَّهُ وَلِيُّ الْمُتَّقِينَ (19)

ئەوانەهیچ کات فریات ناکەون و لەدەستی خوا ڕزگارت ناکەن (ئەگەر خوا لەخۆت بڕەنجێنی و نافەرمانی بکەیت)، بەڕاستی ستەمکاران پشتی یەك دەگرن، خوایش پشت و پەنای دیندارو پارێزکارانە.

هَذَا بَصَائِرُ لِلنَّاسِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ (20)

(بەڕاستی ئەم قورئان و بەرنامەیە) چاو ڕۆشنی و هیدایەت و ڕێنموونیی و ڕەحمەتەبۆ قەوم و کەسانێك کەباوەڕ بهێنن پێی دڵنیاو دڵئارام بن.

أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ اجْتَرَحُوا السَّيِّئَاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَوَاء مَّحْيَاهُم وَمَمَاتُهُمْ سَاء مَا يَحْكُمُونَ (21)

ئایا ئەوانەی کەگوناهو تاوانیان ئەنجامداوە، وا دەزانن هەروەك ئەوانەحسابیان بۆ دەکەین کەئیمانیان هێناوەو کارو کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە؟! وەژیانی دنیاو مردن و (دوای مردنیان) وەك یەك دەبێت؟! (ئەگەر ئاوا بیر بکەنەوە) دیارەدادوەرییەکی زۆر خراپ و بێجێ ئەنجامدەدەن.

وَخَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ وَلِتُجْزَى كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ (22)

بێگومان خوا ئاسمانەکان و زەوی لەسەر بنەمای حەق و ڕاستی داناوە، بۆ ئەوەی سەرئەنجام پاداشتی هەموو کەسێك بەگوێرەی کاروکردەوەکانی بداتەوەو هیچ جۆرەستەمێکیشیان لێنەکرێت.

أَفَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ وَأَضَلَّهُ اللَّهُ عَلَى عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَى سَمْعِهِ وَقَلْبِهِ وَجَعَلَ عَلَى بَصَرِهِ غِشَاوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِن بَعْدِ اللَّهِ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ (23)

ئایا مەگەر نەتبینیووەئەو کەسەی کەئارەزووو هەوەسی خۆی دەکاتەخوای خۆی و شوێنی دەکەوێت؟! (هەرچەندە) زانستی و زنیاریشی هەبێت، هەر خوا گومرای کردووە(لەئەنجامی بەد هەڵوێستی خۆیدا) وەمۆری ناوەبەدەستگای بیستن و دڵ و دەرونیدا، وەپەردەی هێناوەبەسەر چاوو دەستگای بینینیدا، جا ئیتر کێ هەیەجگەلەخوا هیدایەت و ڕێنمونی بکات، ئایا بیر ناکەنەوەو یاداوەری وەرناگرن و هۆش ناکەنەوە(بۆ ئەوەی شوێن بەرنامەی خوا بکەون؟).

وَقَالُوا مَا هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَا إِلَّا الدَّهْرُ وَمَا لَهُم بِذَلِكَ مِنْ عِلْمٍ إِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ (24)

(خوانەناسان) دەڵێن: ژیان تەنها ئەم ژیانی ئێستایە، دەمرین و دەژین (بەنۆرە) وەهەر ڕۆژگارو زەمانەکاریگەرن تیاماندا و دەمانمرێنن، جا ئەوانەوەنەبێت لەسەر بنچینەی هیچ جۆرەزانستی و زانیاریەك ئەوەبڵێن بەلکو تەنها پشت بەگومان و دوو دڵی دەبەستن!!

وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ مَّا كَانَ حُجَّتَهُمْ إِلَّا أَن قَالُوا ائْتُوا بِآبَائِنَا إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (25)

خۆ ئەگەر ئایەتەکانی قورئانی ئێمەیان بەسەردا بخوێنرێتەوە(کەبەڵگەی زۆر بەهێزو ڕوونی تیایەلەسەر زیندووبوونەوە، هەموو بەڵگەیەکیان هاتۆتەسەر ئەوەی) کەدەڵێن: دەباشەباوانی مردومان بۆ زیندوو بکەنەوەئەگەر ڕاستدەکەن؟! (شایانی باسەکەعیسای پێغەمبەر ئەو کارەی بۆ خەلکی ئەنجام داوەبەویستی خوا، کەچی وتراوە: ئەمەسیحرو جادووە)؟!

قُلِ اللَّهُ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يَجْمَعُكُمْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ لَا رَيبَ فِيهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ (26)

(ئەی پێغەمبەر صلی اللهعلیەوسلم) پێیان بڵێ: ئەوخوایەکەلەدوای مردن زیندووی کردونەتەوە، پاشان دەتان مرێنێ و، دوای لەڕۆژی ڕەستاخێزدا کۆتان دەکاتەوەکەهیچ گومانی تیا نیە، بەڵام زۆربەی خەڵکی نەزان و نەفامن و (لەسنوری تەسکدا بیر دەکەنەوەو هەست بەدەسەڵاتی بێ سنوری پەروەردگاری مەزن ناکەن).

وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَيَومَ تَقُومُ السَّاعَةُ يَوْمَئِذٍ يَخْسَرُ الْمُبْطِلُونَ (27)

هەرخوا خاوەنی ئاسمانەکان و زەویە، ئەو ڕۆژەی کەقیامەت پێش دێت، هەر ئەو ڕۆژەهەرچی بەتاڵ پەرست و ناحەق پەرستانەلەزەرەرمەندیەکی زۆر گەورەدا دەبن.

وَتَرَى كُلَّ أُمَّةٍ جَاثِيَةً كُلُّ أُمَّةٍ تُدْعَى إِلَى كِتَابِهَا الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (28)

ئەو ڕۆژەدەبینی هەموو خڵکی بەچۆکدا هاتوون و لەسەر ئەژنۆو پەنجەکانیان ئامادەن (هەر کەس چاوەڕێی بانگ کردنەبۆ لێپرسینەوە، وەئامادەیەدەستبەجێ ڕاپەڕێ بۆ بەردەم دادگایی پڕ لەدادوەری پەروەردگار) هەر قەوم و هۆزێك بانگ دەکرێن بۆ لای ئەو کتێبەی کەبۆیان ڕەوانەکراوە، یاخود بانگ دەکرێن بۆلای نامەی کردەوەو پەروەندەکانیان کەسەفتەکراون و هەڵگیراون بۆیا، ئەوسا پێیان دەوترێت: ئەمڕۆ ئیتر پاداشتی کارو کردەوەکانتان وەردەگرن.

هَذَا كِتَابُنَا يَنطِقُ عَلَيْكُم بِالْحَقِّ إِنَّا كُنَّا نَسْتَنسِخُ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (29)

ئەمەئیتر نامەی کردەوەکانتانەکەتۆمارمان کردووەلەسەرتان، خۆی گویایەو قسەدەکاو حەق بێژە (دوور نیەخوای گەورەکردەوەکانمانی تۆمار نەکردبێت لەسەر دەزگای زۆر پێشڕەفتەتر لەڤیدیۆو دیسکی کامپیوتەر) چونکەئێمەکاتی خۆی کردەوەکانی ئێمەوان تۆمار دەکردو لەبەرمان دەگرتنەوە.

فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَيُدْخِلُهُمْ رَبُّهُمْ فِي رَحْمَتِهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْمُبِينُ (30)

جا ئەو کاتەی ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، وەکارو کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە، پەروەردگاریان دەیانخاتەژێر سایەی ڕەحمەت و میهرەبانی خۆیەوە، تەنها ئەمەش سەرکەوتن و سەرفرازیەکی ئاشکرایە.

وَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُوا أَفَلَمْ تَكُنْ آيَاتِي تُتْلَى عَلَيْكُمْ فَاسْتَكْبَرْتُمْ وَكُنتُمْ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ (31)

بەڵام ئەوانەی کەبێ بڕواو کافر بوون (پێیان دەوترێت): باشە، ئێوەئایەتەکانی منتان بەسەردا نەدەخوێنرایەوە؟! کەچی خۆتان بەزل و گەورەدەزانی، بەڕاستی ئێوەهۆزێکی تاوانبارو تاوانکار بوون.

وَإِذَا قِيلَ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ وَالسَّاعَةُ لَا رَيْبَ فِيهَا قُلْتُم مَّا نَدْرِي مَا السَّاعَةُ إِن نَّظُنُّ إِلَّا ظَنًّا وَمَا نَحْنُ بِمُسْتَيْقِنِينَ (32)

هەر کەبوترایە: بەڵێنی خوا ڕاستەو ڕۆژی ڕەستاخێز هەر دێت و گومانی تیا نیە، ئێوەلەوەڵامدا دەتان ووت: ئێمەهەر نازانین ڕۆژی قیامەت چیە؟! ئێمەهەر گومانمان هەیەو یەقین و دڵنیایمان بۆ دروست نابێت!!

وَبَدَا لَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا عَمِلُوا وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُون (33)

ئەو کاتە(لەقیامەتدا) هەرچی کارو کردەوەی ناشرینیانەبۆیان دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێت بۆیان، ئەوەش کەگاڵتەیان پێدەکردو بڕوایان پێی نەبوو (لەسزاو ئاگری دۆزەخدا) لەهەموو لایەکەوەدەوریان دەدات و ڕێگەی ڕزگارییان لێدەبڕێت.

وَقِيلَ الْيَوْمَ نَنسَاكُمْ كَمَا نَسِيتُمْ لِقَاء يَوْمِكُمْ هَذَا وَمَأْوَاكُمْ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن نَّاصِرِينَ (34)

پێیان دەوترێت: لەمڕۆ بەدواوەئیتر ئێوەفەرامۆش دەکەین و لەبیرتان دەکەین، هەروەکو چۆن ئێوەبەرەنگاربوونەوەی ئەم ڕۆژەتان فەرامۆش کرد، شوێنی نیشتەجێ و حەوانەوەشتان ناو ئاگری دۆزەخە، کەسیشتان دەست ناکەوێت پشتیوانی و پشتگیریتان لێبکات.

ذَلِكُم بِأَنَّكُمُ اتَّخَذْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ هُزُوًا وَغَرَّتْكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا فَالْيَوْمَ لَا يُخْرَجُونَ مِنْهَا وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ (35)

ئەم سەرئەنجامەش بۆیەیەخەی پێگرتن چونکەکاتی خۆی گاڵتەتان بەئایەتەکانی خوا دەهات، ژیانی دنیا غەڕاو گومڕای کردبوون، ئەمڕۆ ئیتر ڕزگاربوونیان ئەستەمەو پاڕانەوەو پاکانەشیان لێوەرناگیرێت.

فَلِلَّهِ الْحَمْدُ رَبِّ السَّمَاوَاتِ وَرَبِّ الْأَرْضِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (36)

سوپاس و ستایش هەر بۆ خوایە، کەپەروەردگاری ئاسمانەکانە، پەروەردگاری زەویشە، پەروەردگاری هەموو جیهانەکان و بوونەوەرە.

وَلَهُ الْكِبْرِيَاء فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (37)

هەرچی گەورەی و مەزنی و شکۆمەندیی هەیەلەئاسمانەکان و زەویدا هەر شایستەی ئەوە، بەراستی ئەو زاتەباڵادەست و دانایە.